سەماحەتی حەکیم بەشداری بەڕێز حەسەن نەرسوڵا دەکات لە شەهید بوون و بریندار بوونی کاروانێکی دیکەی کادیرانی تێکۆشانی ئیسلامی



بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی بەشداری بەڕێز حەسەن نەسروڵا و گەلی لوبنانی کرد کرد لە شەهید بوون و بریندار بوونی کۆمەڵێك لە کادیران و تێکۆشەرانی بەرەی ئیسلامی بەتایبەتی شەهیدبوونی سەرکردەی تێکۆشەر حاجی ئیراهیم عەقیل و کۆمەڵێك لە برایان و هاوڕیانی تێکۆشانی و بەڕێز حەکیم لە بەیاوکراوەیێك لە تیلیگرام نووسیویەتی :

بسم الله الرحمن الرحيم
"وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ"
بەداخ و پژارەیەکی زۆرەوە بەشداری سەماحەتی حەسن نەسروڵا و کادیرێ تیکۆشەرکان و گەلی لوبنانی دەکەین بەهەی شەهیدبوونی سەرکردەی جیهادی مەزن حاجی ئیبراهیم عەقیل و چەند برایێك و هاوڕیانی دکەین کە بەکاروانی شەهیدان گەیشتن دوای کاروانێکی پڕ لە تێکۆشان و قوربانیدا.

ئێمە لەسەر یەقینین کە ئەوە هیچ لە بەرهەستی هێزەکانی بەرەی ئیسلامی و گەلی لوبنانی کەم ناکاتەوە و تەنها سووربوونیان لەسەر ئەو بڕوایەوە پتەوتر دەکات، وەرای ئەو هەرشە زاڵمانەی کە قەوارەی زانیانی لە ناوچەیەکی بەیروت بەجێی گەیاند،بەوامان وایە کە ئەو تاوانانە هیچ لە سووربوون و گە و تینی گەلی لوبنانی و بەرەی تێکۆشەرانی ئیسلامی کەم ناکاتەوە کە بەئازایانە ڕووبەووی قەوارەی ئیسرائیلی دەبنەوە، لەخواش دپارێنەوە کە شەهیدانی ئەو ڕووداوە و سەرجەم شەهیدانی ئەو بەبازە لە ڕێحمەتی خێی بگرێت و بریندارەکانیش چاك بکاتەوە و سەبووریش بە گەلی لوبنانی ببەخشێت تا ئاڵای هەق و سەرکەوتن بەرز بکەنەوە.

انا لله وانا لله راجعون